Kurdistan Nêt

## به چركه چڕ بووه‌كانه‌وه دێمه پێشوازیت ...تاراوگه

له ڕۆژگاره ته‌نیاكانی نائارامی باڵم ڕسكا

له ژێر چه‌تری ئه‌و ڕووناكی یه ده‌ستكردانه

سه‌دان چاوی چاوه‌ڕوانی ،چاوی گه‌ڕان،

چاوی خۆزگه‌م هه‌ڵئه‌گلۆفی

خۆم ئه‌نوساند به سێبه‌ره شووشه‌یی یه‌كان

به نائومێدی یه‌كه‌وه،ئه‌مڕوانی یه نائومێدی.

دا ئه‌نیشتم و .خه‌ونه‌كانم بۆ چه‌نده‌م جار ئه‌ژمارده‌وه.

هیواكانم ڕیز ئه‌كرد و،ئه‌مخستنه‌وه ژێر بالیفه ژه‌نگاوی یه‌كه‌م

یه‌ك..دوو..ده‌..سه‌د..هه‌زار خه‌یاڵی قه‌شه‌نگم

وه‌ك كۆلاره هه‌ڵده‌دایه ئه‌و ئاسمانه پڕ نهێنی یه‌ی

عه‌قڵی ئه‌مڕۆ په‌ی پێ نابات.

ئای تاریكی...چۆن ئه‌م جه‌سته سڕ و ماته‌م،

به زه‌مزه‌مه‌ی بێ ئاواتی ته‌ڕ ئه‌كه‌یت و،وونم ئه‌كه‌ی؟

ئای تاریكی...وام له‌به‌رده‌م ده‌رگای تۆدا

ده‌سته پاچه  له به‌خشنده‌یت ئه‌ڕوانم،تا تۆزقاڵێك میهره‌بانیت

بنێیته سه‌ر لێوی ووشكی چاوه‌روانیم.

ئه‌و لێوه‌ی وا بێجگه له خه‌م

هیچ ماچێكی تر ناناسێ.

سی یه‌كانم هاوار ئه‌كه‌ن له‌تاو ته‌نگتر بوونه‌وه‌ی قه‌فه‌سه‌ی سینگم

دڵم به‌جارێ ده‌گوشرێ.

وه‌خته جێگای عه‌شقی تێدا نه‌بێته‌وه.

جه‌سته‌م پارچه‌یه‌ك ئاگره،كێوێك خه‌مه.

من دووایین وێستگەی بوونم جێ هێشت،بەو هیوایەی

لە مەملەکەتی عەدەم،ببمە پەڵەیەك لە هەوری ناو تابلۆیەکی زستانە.

بە پەڕی باڵی پاساری یە کێویلکەیەك

بە دەنکە تەرزەیەکی ڕەش

بە بەردێکی قەد شاخێکی بیابانی تاراوگەیی.

بە گەڵایەك...وەختێ سوجدە ئەبات لەسەر شۆستەی وەرین.

هەڵدەستمەوەو،ئەم خەونەشم ئەپێچمەوەو،

ڕۆژێکی تر لە چاوەڕوانی ئەسپێرمە ئەو ڕابردووەی،

تیایا خولقام.

ترسم نیە لەوەی شەپۆلێك سزام بات

ڕەشە خەمێك بمتۆرێنێ

پێکەنینێك بمدات لە سێدارەی سەما

چی خۆشترە لەوەی باز دەی بەسەر بەردەبازی

ئەو تۆفانەی تێیدا وونی.

چی خۆشترە لەم هەرێمەی بەهاکان بە قاچاخ

سێکسی شەرعی ئەکەن

فرمێسکەکان بێ پەساپۆرت،

بە سنووری لوغم ڕێژ کراوی گریانا ئەپەڕنەوە و

کتێبەکان ووشەکانیان ئەفرۆشن و

منالێتی خۆیان ئەسپێرن بەو شەوە خەوالّووانەی،

هەتا ئێستاش حیکایەتی ئادەم و سێو ئەگێڕنەوە.

لەم هەرێمەی جوانی بۆتە جانگی دۆڕاو

ڕۆژە سارد و سڕەکانی ئەم غوربەتگا ڕەنگ پەڕیوەی

لە جیاتی بەیانی باش و هەواڵ پرسین

بە قاوەکەی دەستی یەوە دێ و

جەستەی ئاو و گازاندەکانی ماسی یەك

دەنێتە نێو مانشێتەکانی ڕۆژنامە بێ دەنگەکان.

گەرماوەکان لە قوژبنی کۆڵانی فێڵ و ساختەیا

هیرۆین دەدەن بە بیری بەستەڵەکی نەوەی مرۆڤ.

هەرچی هەیە لە ژێر ڕەحمەتی نیشانەی پرسیارێك و

گومانێکی سەر بڕاوا بووە بە (نە)!

پێکەنینە تەزویرەکان .زەردەخەنە ئەدەن لە قژی ڕوخسار و

سیما فرۆشراوەکانی دەم کەناری پاسفیکا.

فریشتەکان ،جەستە خۆڵەمێشی یەکەی ئاسودە و

بەژنە تواوەکەی وون بوون و،

هاوارە نەزۆکەکانی تاراوگەیی ئەوەرێننە سەر باڵەکۆنی پێشوازی

پێشوازی دەنگە دوورە خۆشەکەی دەهۆڵ

پێشوازی لە خەونە پرتەقاڵی یەکانی بەرد و،

هیچ بوونی ئەو گەشتەی لە نێو بازنەی ڕەها

ڕووت دەبێتەوە وەك زەمەن

زەمەنی نێو سەردابەکانی پاشماوەی

جەنگی جیهانی چوارەم و

قەلا چۆکردنی دووایین وێستگەی شۆڕش.

ترسم نی یە لە سەفەر و ماڵئاوایی

لە پێچانەوەی بوخچەی ڕۆح

لە خوێندنەوەی ڕەگی خوێن و دەمارەکانی ئاخاوتن

ترسم نی یە لە گریانە بێ دەنگەکانی باڵندە و

لە زەمەنە گومڕاکانی سڕینەوەی خەتای گەورە و

چڕ بوونەوە لەسەر هێڵی وەهمی عەشق

چڕ بوونەوە لە نێو چرکە قەتیس بووەکانی عەدەم و،

ئەزبەر کردنی سرووودی مەزنی مردن.

ناوەڕاستی ساڵی2001

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)            ڤانکوڤەر/کەنەدا

maskkhal@attcanada.ca